# III
# کاروانسەرا شاری‌یەکان

## أ-دەزگا والآکان


لە شارەکانی رۆژهەلات، بەپێی جۆری بەکارهێنانیان، کاروانسەراکان بۆ دوو جۆر لە یەکتر جودا دەکرێنەوە. جۆرێکیان هەروەکوو کاروانسەرای سەر رێگای نێوان ولاتان، بۆ حەوانەوەی کاروانچی‌یان، ئەوەی تریشیان ئەو کاروانسەرایانەن کە ژوورەکانیان بۆ دابینکردنی سەوداو فرۆشتنی ئەو کەلوپەلانە بەکاردێن، کە کاروانچیان لەگەلٚ خۆیان دەیانهێنن.

لە شارە گەورەکان جۆری یەکەمیان بۆ حەوانەوەی کاروانچی‌یانە، لە کاتی ئێستادا بە زۆری دەکەونە قەراخی شارەکان، سەبارەت بەوەی لە رۆخی شارەکان زەوی چۆلٚ زۆرە و توانای فراوانکردنی حەوشە بۆ ژمارەییێکی زۆر لە ولاخی بەرزە لە ئارادا هەیە. بەلام ئەمرۆ ئەم کاروانسەرایانەی بۆ سەوداو بازرگانی لەبەرچاوگیراون بە گشتی دەکەونە ناوەوەی شارەکان و زۆربەیان لە چوار رای جادە سەرەکی‌یەکان هەلٚکەوتوون (گۆشەکانی یەکتر برینی دوو جادەی سەرەکی) وە بە شێوەیەك کە لە هەردوو جادە سەرەکی‌یەکە دەروازەیان بۆ کراوەتەوە، بۆ ئەوەی بازرگان و سەوداکەران ولاخە بارهەلگرەکانیان بێ کۆسپ و بەربەست بێن و بچن. دیارە تەرزی بیناکانیش لەگەلٚ هەلومەرجی جۆری بەکارهێنانیان گونجێنراوە، هەرچەندە لەوێنەی بنچینەییدا هەموو تەرزەکان کەلوپەل. و بارخانەکان و ئەوانەی حەوانەوەی مێوان وەکو یەکن.

ئــەو كاروانســەرايانەی كــە تەنــها بــۆ خزمــەتگوزاری هــاتوچۆی كاروانچی‌یــان دروستكراون، دەزگاییێكی وا تایبەتی پێشان نادەن، زۆربەی جاران حەوشەیەكی گەورەن و لـە دەوری تاكـە بینایـەك بـۆ كاروانچیـان، كـەچی وەسـتا رۆژهەڵاتی‌یـەكانی بیناسـازی هەموو هونەری خۆیـان لـە پێكهاتـەی ئـەو كاروانسـەرا گەورانـە خـەرج كـردووە كـە بـۆ سەودای كەلوپەل و بازاڕ بەكاردێن، بە جوانترین بینای مزگەوت و خوێندنگا بیناكەیان فراوانكـردووە. هـەروەك چۆن كەلوپەلـەكان بـە پـێی تـەرزەكانیان پۆلێنكـراون و لێـك جوداكراونەتەوە، ئاواش ئەو كاروانسەرایانەی كە هەمان باری كەلوپەلیان لێ دادەنرێـت، دەكەونە هاوسێی ئەو فرۆشـگایانەی كـە ئـەو تـەرزە كەلوپەلـەیان لێ پێشكەشـدەكرێت. بەم شێوە خانی ئاوریشم، خانی ئاسن، خـانی خـوێ.. هتـد لێـك جـودا دەكرێنـەوە. زۆر جـارانیش نـاوی كاروانسـەراكان لـەناوی ئاواكـەرەوەی، یـان هـی مزگەوتەكـەی هاوسـێی وەردەگیرێت، یـەكێ لـە مەرجـەكانی ئـەو خانـە شـاری‌یانە ئەوەیـە كـە لـە پـاڵ هـەر شوێنێكی دانانی كەلوپەلەكان بیرۆیەكی تایبەتیش بۆ بازرگانەكان هەیە. جگـە لـەوەش لەو خانانەی كە كاروانچی‌یەكان لە ناویشی دەحەوێنەوە، جگە لە تەوێلـەی وڵاخ ژووری تایبەتی تریش هەن.

(خانی باروت) لە بەیروت دەزگایێكی سادەی ئـەو تەرزەیـە، ئـەوەیان لـە سـاڵی ١١٦٣ (١٧٥٠ز) لـە لایـەن (سـولێمان لـەماح) تــەواوكراوە (وێنــە ٣٢ و ٣٣)، بــە بــەرینایی ٢٠ م دەكەوێتە سەر جادە گەورەكەی بازاڕ، كە تازە فراوان و نوێكراوەتەوە، وە بــە قووڵـی ٢٢ مــەتریش دەچێتــەوە ســەر كۆڵانــە بچووكەكـەی تەنیشـتی. ڕێــزە تــاقێك لــە دەوری حەوشەیەكی بچووكی ٧,٥ × ٥,٦ م سووڕاوەتەوە، كە لەسەر دینگـەی برگـە چوارگۆشـەی گۆشەلار وەستاون. لە هەردوولای دەروازەكەی لـە جیـاتی ئـەو جـۆرە دینگانـە، سـتوونی كۆنینە (ئەنتیك) بەكارهێنراون، لە پشتەوەی هەموو سـتوونەكان ژووری شـێوە كونجـی هەن كە بەرەو ڕووی حەوشە كراونەتەوە، كە پتر وەكو دوكان بـەكارهێنراون. تەنـها لـە گۆشـەكانی ژووری چـوار دەور گـیراوی هەیـە، كـە لەوانەیـە دوو ژوورە فراوانەكــەی لای باكووریان تەوێڵە بووبن. لە نهۆمی سـەرەوە ژوورەكـانی پشـتەوەی تاقـەكان بـە دەرگـاو پەنجەرە ڕازاونەتەوە، ئەو ژوورانە وەكـو بویـرۆ، یـان بـۆ كـاری تایبـەت بـەكارهێنراون.

هەروەکو زۆربەی کاروانسەرا شارییەکان، ژووره قووڵەکانی باڵی لای جاده به شێوەیەکی ئۆرگانی تێکەڵی فرۆشگاکانی تری بازاڕ بووە. ئەو ژوورانەی کاروانسەرای (بارووت) کە قووڵاییێکی گەورەی پتر لە ٣ مەتریان هەیە، بنەبانەکەیان بۆ شوێنی حەوانەوە بەکاردێت و بەشی پێشەوەشیان بەلای جادەوەو، بۆ پیشاندانی کەلوپەلی فرۆشتن. دەروازەی سەرەکی ئەو کاروانسەرایە دەکەوێتە سەر جادە سەرەکییەکە. لەلای باکووریشیەوە دالانێکی بچووك دەچێتە سەر کوچە باریکەکە. هەروەها تەوێلەی گۆشەی باکووری ڕۆژهەڵاتی دەرگاییێکی ڕاستەوخۆی لەم کوچە باریکە بۆ کراوەتەوە. شایانی سەرنجە دەروازە سەرەکییەکەی بە کەوانەیەکی سێپەڕەیی[٢٥] سەریگیراوە، کە بەو تەرزە بەردە دوو ڕەنگەی کە بە شێوەیەکی زۆر لە شارەکانی سووریا دەکەوێتە بەرچاو، ڕووێکی ئارشیتێکتوری پێدراوە. ئەم دەروازەیە جگە لە دالانە قووڵەکەی، دوو ژوورۆچکەی بەلای حەوشەوە هەیەو لە ناوەڕاستی دالانەکەش پلیکانەیەك بەرەو سەرخانەکەی دەچێت.





وێنەی (٣٢، ٣٣) خانی باروت لە بەیروت

کاروانسەراکانی شاری بورسەی تورکیا پتر کاروانسەرای سەرجادەی نێوان وڵاتەکان دەچن، زۆربەیان لەلایەن بێزەنتییەکان یان گریکییەکان دروستکراون، لەو سەردەمانەی کە جڵەوی بازرگانییان بەدەستەوە بووە. کاروانسەراکانی ئەو شارە پێکهاتوون لە حەوشەیەکی چوارگۆشەی بە تاق دەورە گیراو، لە پشتەوەی ئەو تاقانەش ڕیزێك ژوور و هەمووشیان نهۆمی سەرەوەیان هەیە. سەربانەکەشیان تەخت و بەرەو جادە لێژ، یان ئەوەتە جزیری[٢٦] دروست کراون. لە حەوشەکانیان وەکو کاروانسەراکانی تر دەزگایێکی سادەی بیری ئاو هەیە، هەروەکو ئەمە لە خانی باروتیش هەیە، بیرەکەی خانی (ئیپەك) لە شاری بورسە بە میچێکی چەماوە سەرپۆشکراوەو، مزگەوتێکی بچووکی لەسەر دامەزرێنراوە.

لەو کاروانسەرایانەی کە سیمایێکی تایبەتی کاروانسەرای شارییانەی هەیەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمەکانی سەدەی دوازدەم، خانی سالۆنیکە، بە شێوەیەکی گشتی ئەو خانە دەگەڕێنرێتەوە بۆ سوڵتان موراد، بەڵام لێکۆڵەرەوەکان لەوانە (تەکسیر) و (پولان)[٢٧] وای دادەنێن کە تەنها دەروازەکەی و هەندێك بەشی تری ناگرنگی لە سەردەستی سولتان موراد دروستکراوە، دەنا بیناکەو تەرزی پێکهاتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بێزەنتی. خانی سالۆنیك (وێنەی ٣٤) لە ڕوانگەی بەکارهێنانییەوە لە سێ بەش پێکهاتووە، حەوشەیەك بیرێکی ئاوی تێدایە، لە هەموو لایێکەوە بە دوو ڕیز تاق بیرۆو ژووری حەوانەوە دەورە گیراوە. تەوێڵە یەك بە درێژایی کاروانسەراکە کەوتۆتە لای دەرەوەی لایێکیان، ئەو تەوێلەیەش لە ناوەڕاستەوە بە هۆی ڕێزە کۆلەگەیەك کراوە بە دوو بەش، ئەو تەوێلە ڕێزە پەنجەرەیەکی تێدایە کە تەماشای کۆڵانێك دەکەن، سێ لاکەی تری کە هەموو دەکەونە سەرجادە، بە کونجە دوکان دەورەگیراوە، کە بەرینییان وەکوو کونجەکانی حەوانەیە کە کەوتوونەتە ناوەوە بەرەو حەوشە. دەروازەی کاروانسەراکە دەکەوێتە ئەو باڵەی کە کەوتۆتە بەرامبەر باڵی تەوێلە درێژەکە، بەڵام نەکەوتۆتە ناوەڕاستی باڵەکە، لەوانەشە هۆی ئەمە ئەوە بووبێت، کە ویستبیان بیرە ئاوەکەی ناوەڕاستی حەوشە لە هاتوچۆی نێوان ئەو دەروازەو دەروازەی تەوێلەکە بپارێزن، کە ئەویش ناکەوێتە ناوەڕاستی باڵی تەوێلە. تەوێلەو فرۆشگاکان یەك

نهۆمین، بۆیەشە توانراوە کە بۆ ژوورەکانی سـەرخان پەنجەرە بـەرەو جادە بکرێتـەوە. دوو قادرمە بۆ سەربانی خانەکە دەکەونە تەنیشت دالأنی سەرەکی و دەروازەی تەوێلە.




وێنەی ٣٤: خانی سالۆنیك


وەرگیراوە لە (H. Thiersch: Pharos. Berlin 1909. B. G. Teubner)

شـاری دیاربـەکر (ئامـەد) بـە تایبـەت بـە کاروانسـەرای قەشـەنگ ڕازاوەتـەوە، مێوانخانـەکانی ئـەو شـارە نزیکـە هـەموو بـە شـێوەیەکی ڕێکوپێـك بـاری نەخشـەی ئاسـۆییان و لـەباری ڕوخساری دەرەوەیـان کـە بـە هـۆی بـەکارهێنانی دوو ڕەنـگ بـەرد یـەگجار سـەرنجڕاکێش دروسـتکراون، بـە تایبـەت کاروانسـەرای (دەلال)[٢٨] ، کـە زۆر بـە کاروانسـەرای سـالۆنیك دەچێت (وێنـە ٣٥). ئـەو کاروانسـەرایە لاکێشـەیەکی گـەورەو فراوانە و نزیکە لـە شـوێنێکی ئـازاد هەڵکـەوتووە، سـاختومانەکەی لـە بەشـە بینـاییێکی نزیکـەی چوارگۆشـە پێکدێـت، کـە بریتیـە لـە حەوشـەیەك و بـە ژووری حەوانـەوە دەورەگیراوە، لەلای باشوورییەوە تەوێلەیـەکی لاکێشـەی گـەورەی پێوەنووسـاوە، دەروازە سەرنجڕاکێشـەکەی (وێنـە ٣٦) کـە بـاگرێکی قووڵـی هەیـە، لـە ناوەڕاسـتی بەشـە

سـەرەكییەكەی بیناكـە دەچێتـە نــاو حەوشــەكەو، لــە حەوشــەكەوە لەملاوئــەولای دو پلیكانە بۆ نهۆمی سەرەوە دەچن. لە ناوەڕاستی باڵی بەرامبەر دەروازە هەیوانێك هەیە، كە لە بەرینایيدا وەكو دەروازەكەیەو، لەملاوئەولای ئەو هەیوانـەش لـە حەوشـەوە دوو پلیكانـە دەچنـە نـهۆمی سـەرەوە. لــەناو ئـەو هەیوانــەدا ئێسـتا دەزگاكـانی ئاودەسـت دامەزرێنراوە. چواردەوری حەوشە بە تاقی كەوانە تیژ ڕازاوەنەتەوە، كە لەسەر ستوونی سفت و پتــەو ڕۆنـراون. تاقـەكانی نـهۆمی سـەرەوەش لەسـەر سـتونگەی بـەردین بـەرەو حەوشە ڕۆنراون. لە ئاستی هەیوانەكەی نهۆمی زەمینی ڕێزە تاقەكانی نـهۆمی سـەرەوە بە هۆی ژوورێك دەپچڕێن، قووڵایی ئەو ژوورە تا ڕووی دەرەوەی دەچێت.




وێنەی ٣٥: نەخشەی ئاسۆیی كاروانسەرای دەلال لە شاری ئامەد (دیاربەكر)



وینه ٣٦: دەروازەکەی خانی دەلال له دیاربەکر

ڕووی دیـواری دەرەوەی بـه ڕێـزه بـەردی ڕەش و سـپی ڕازاوەتـەوە (وێنـه ٣٧). لـه پشتەوەی تاقەکان ژووری بچووك بچووکی حەوانـەوە دامـەزرێنراون، کـه هـەر ژوورێـك خاوەنی ئاگردانێکی دووکەڵکێشدارەو، کونجێکی بۆ گەنجینه (عەمبار) تێدایـەو سـەریان بە گومەزێکی تونێلـی گیراوەو هـەر ژوورێـك دەرگـاو پەنجەرەیـەکی بـەرەو حەوشـه بـۆ کراوەتەوە. له بەشه سەرەکییەکەی بینای کاروانسەراکه، له نـهۆمی زەمینـی و لـه ڕووی جادەوە، ڕیزێك دوکان کراونەتەوە، کـه شـەوانه بـه دەرگای داریـن دادەخرێـن و لەگـەڵ دیمەنی ڕوخساری بیناکـه لـه ڕووی ئارشـیتێکتۆرییەوە گونجاون. پاسارەی (گوێسوانه)

سەرەکی ساختومانەکە لە تەختەبەردی دەرپەڕیو پێکهاتووەو بە هۆی ڕاگری سادە هەڵگیراون. لە باڵی باشوورییەوە دالآنێك کە بە قەد ژوورێك بەرینە دەچێتە ناو هۆڵی تەوێلەیەکی ڕێکوپێك. ئەو تەوێلەیە بە شەش گومەزی تونێلی سەری گیراوە، ئەو گومەزانە لەسەر کەوانەی تەوێلدار چەماونەتەوە. ئەو گومەزە تونێلیانە بە هۆی حەوت ڕێزە دینگەی سفت و بارستەدار بە یەکەوە دووراونەتەوە، دینگەکانیش بە هۆی هەشت دانە تیژکەوانە بە دیواری دەرەوەو بە یەکترەوە پەیوەندن،. ئەو تەوێلەیە بە هۆی شەش پەنجەرەی بچوك لەلای کۆڵانی ڕۆژهەڵاتییەوە ڕوناك دەبێتەوە. دەرگایێکی بچووکیش لەلای باشوورییەوە دەچێتە سەر کۆڵانی تەنیشت.




وێنە ٣٧: گۆشەی باکووری ڕۆژهەڵاتی حەوشەی کاروانسەرای دەلال لە دیاربەکر


خـانی (حەســەن پاشـا)ی دیاربــەکر (وێنــە ٥٨)، کــە لــە ڕۆژگــاری ئــەمڕۆ بــە شێوەیەکی‌گشتی حەوشـەکەی بۆتـە جێگـای سـەودای دانەوێڵـەو، نـهۆمی سەرەوەشـی کراوەتـە شـوێنی پیشـەگەری، لـە دیـوی حەوشـەوە بـە هـۆی پێکهاتـەی تـاق و سـتوون و تـاجی سـتوونەکانی، کـە بـە شـێوەێکی سـادە داڕێــژراون، ڕووخسـارێکی سەرنجڕاکێشـی هەیە. هەردوو ڕووخساری تەنیشتەکانیشـی بـە هـۆی هـەیوانێك لـە ناوەڕاسـتیانەوە بـە تۆخی پیشان دراون. خانوچکەی سەر بـیری حەوشەکەشـی یـەگجار جـوان دروسـتکراوە. پشتیری ئەو کاروانسەرایەش بە تایبەت سەرنجڕاکێشە، نیـوەی خراوەتـە ژێـر زەوی، لـە گۆشەی باکووری ڕۆژئاوایـەوە، ڕووتـەختێکی لێـژ لـە ژوورێکـی شـێوە هەیوانییـەوە، کـە دەزگـای ئاودەسـتخانەی لێ دامــەزراوە، بــەرەو ڕۆژهــەڵات بــە ئاراســتەی پشــتیرەکە شـۆڕبووەتەوەو، خشـاوەتە ژێـر نیـوەی بـاڵی بـاکور و نیـوەی بـاڵی ڕۆژهـەڵاتی بیناکـە. پێویستە ئەوە بخەمە بەرچاو کە ئەوە تاکە شیکارێك بـووە بـۆ گەیشـتن بـە پشـتیرەکە، چونکە ئـەو کاتـەی کـە ئـەو پشـتیرەیان لـە پـاڵ کاروانسـەراکە دروسـت کـردووە بیناکـە خاوەنی عاردێکی کەم بووە.

فرۆشگاکانی کاروانسەرای دیاربەکر و هی ماردینیش بە شێوەیەکی ئۆرگـانی لەگـەڵ ساختومانی کاروانسەراکان تێکهەڵکێش کراون، کەچی لـە شـارەکانی موسـڵ و ئورفـە بـە شێوەیکی گشتی لـە خانوچکـەی تەختـەیی پێکهاتوون خراونەتـە پـاڵ دیـواری دەرەوەی خانەکان. لە کاروانسـەرای (مـاردین) (وێنـە ٣٨، ٣٩، ٤٠) سـەبارەت شـوێنی دامـەزراندنی خانەکان شاخاوین، ڕووبەرێکی کـەمیان داگیرکردووە و تەنـها تاکـە ڕووێکیـان کەوتۆتـە سـەرجادە، لـەو دوو باڵـەی بـە سـتوونی کەوتوونەتـە سـەر جادە دوو پشــتیری درێــژ و باریکـە لـە دروسـتکراون، ڕووی جادەی بیناکـەش هـەمووی بـە دوکـان ڕازاوەتــەوە، لـە ناوەڕاستی باڵی باکووری بیناکـەش، لـە بەرامبـەری دەروازە، بەشـێك لـە بیناکـە بـەرەو حەوشـە بـە زەقـی دەرپـەڕیوە، ئـەو بەشـە دەرپـەڕیوەش کـاتی خـۆی بریتـی بـوو لـە هـەیوانێك بـەرەو حەوشــە والا بـووە، پاشــتر بــە دیوارێکـی تــەنکی پەنجـەرەدا ڕووی حەوشەشی بۆ زیادکراوە (تەختە ٧)، لە تەنیشت ئەم ژوورەش لە پاڵ دیواری بـەردینی دەرەوە ژوورێك هەیە، کە کانییێکی ئاوی سازگاری تێدایە. جگە لەمـەش بـیرێکی ئـاو لـە


ناوەڕاستی نیوەی ڕۆژهەڵاتی حەوشەدا هەیـە، کـە بـە شـێوەیەکی سادە پـەرژین کـراوە، وەکو زۆربەی خانووەکانی ماردین، ئەو بیرە دەچێتەوە ناو عەمبارێکی ئـاوی سـەرگیراو، کە بریتیە لە کارێزێك بۆ پاشەکەوتکردنی ئاو دروست کراوە.



نهۆمی سەرەوە




نهۆمی زەمینی



برگەیەکی بەرینی

وینه ٣٨، ٣٩، ٤٠ خانی ماردین

خانی (سەرایاڤۆ) (وینە ٤١) پەیوەندییکی راستەوخۆی لەگەڵ بازار هەیە. ئیستاکە لاییکی ئەو کاروانسەرایە میوانخانەیەکی هاوچەرخ دروستکراوە. لە شارەکانی (فرانژا) و (یاسیپا) و (ئولیجا) خانەکان لە نهۆمی زمینیاندا بالەکانی پیشەوەیان خاوەنی دووکانی قوول دریژووکانین کە بە تەریبی بالەکان دامەزراون و، لە ناوەراستی بالەکان و لە میانی دووکانەکان دالانی دەروازە بەرەو حەوشە دەچیت. لە بەرامبەر یەکیك لە دەروازەکان رارەویك لە حەوشەوە دەچیتە ناوپشتیریکی دووخانەیی. کە قولاییەکەی نزیکە بە قەد قولایی دوکانەکانی لای دەروازەیەو، تەنها لە نهۆمی زەمینییەوە دەتوانی بچیتە ناو ئەو پشتیرە. لە چوارەمین لای ئەو خانە، واتە بالی لای بازار، دووکانەکان تیکەلی قەیسەرییەك دەبنەوە و دەچنە ناو بازارەکەو، سەری ئەو بالە گومەزیکی تونیلییەو لە بەرامبەریشیان لە ناو قەیسەرییەکە ریزە دوکانیکی تر هەن و، لە پشتەوەی ئەو ریزە دووکانەش ریزە دووکانیکی تر بەرەو جادەی پشتەوە دامەزراون، لەم جادەوە دالانیك دریژ دەبیتەوە تا دەگاتە ناو خانەکە.





وینە ٤١: خانیك لە سەرایاڤۆ


خانیکی شارییانەی زۆر دلگیر و فراوان لە شاری ئەسفەهان هەیە، خانی شا سولتان حوسەیین[٢٩]، ئەو خانە لەسەردەستی دایکی شا بە دروستکردن دراوە، بۆیەشە بەناو شاوە ناسراوە. لە دەرەوەرا دریژییەکەی ١٢٨ مەتر و پانییەکەی ٩٣ مەترە. دوو حەوشەی ناوەکی هەیە و ژوورەکانی حەوانەوەش لە دەوری یەکیکیان بوونەتە پەرژین، کەچی سێ لای حەوشەکەی تر بە پشتیر و ژووری ئاژەلان تەنراوە. حەوشەکەی لای دەرەوەی کە گۆشەکانی لارن، بە دوو ریز تاقی لەسەر یەك دەورە گیراوە. لە نهۆمی زەمینی بنکەی ستوونی تاقی ژیرەوە لە ئاستی زەوی بەرزترن و وەکو سەکۆیەك بۆ ناو حەوشەکە دەرپەریون. لە هەشت جیگایاندا دەتوانریت بە هۆی پلیکانەی چوار پلەیی بچیتە سەر ئەم سەکۆیە. دەروازەی سەرەکی کاروانسەرا کە دەکەویتە ناوەندی بالی باکووری و بەرەو بازار هەلکەوتووە. ژوورە هەرە باشەکانی ئەو کاروانسەرایە دەکەویتە ناوەندی سێ بالەکەی تر و گۆشەکانی باشوور و باکووری رۆژهەلاتییەوە. هەشت پلیکانەش بۆ نهۆمی سەرەوە دەکەونە ئەملاوئەولای هەیوانەکانی. چونکە ئاویك کە لە قوتابخانە ئاینیەکەی (مەدرەسە) هاوسییەوە دیت، لە رۆژئاواوە بەرەو رۆژهەلات و بەژیر ژوورەکانی حەوانەوەو سەکۆ چوارگۆشەییەکەی ناوەراستی حەوشە بەناو تونیلیك رەت دەبیت و حەوشەکە دەکاتە دوو بەش، ئەو جۆگەلە ئاوە ٦,٥ م بەرینەو رۆخەکانی بە دیواریکی لیژی سێ پلیکەیی لە بەردی نەقاری چیکراوە، باوەرداره نویژەرەکان بۆ دەسنویژ شوشتن بەو پلیکانە دەچنە سەر جۆگاکە. دوو دەروازە لەلای رۆژهەلاتییەوە دەچیتە سەر ئاخورەکان. ئەو خانە بە سیمای گشتی خۆی، خانی (موسەللا)ی شاری نەجەفمان دینیتەوە یاد، ئەوە نەبێ ئەو خانە زۆر قەبەتر رۆنراوە.

هەموو کاروانسەراکان ئاوا ریکوپیك و بە ئەندازەداری دروستنەکراون، وەکو ئەوانەی کە تاکو ئیستا ئاماژەمان بۆ کردوون، چونکە لە هەموو شوینیك رووبەری پیویست لە بەردەستدا نەبووە، تا بە ئارەزووی خۆیان نەخشەی چوارگۆشەیی لەسەردا بکیشن. بۆیەشە خانەکانی حەوانەوە بە ناچاری لەگەلْ جادەو ئەو خانووانەی کە پیشتر هەبوون، گونجینراون. هەروەکوو لە شاری (موسل) ئەو دیاردەمان دەکەویتە

بەرچاو، خانەکان تیکهەلکیشی خانوو خانوچکە پیچاوپیچەکانی پیشووتر کراون. دەنا لە هەر شوینیك دەرفەت هەبووبیت خانەکان خۆیان لە نەخشەی چوارگۆشەیی نزیك کردۆتەوە. خانی (حاجی قاسم ئاغا) کە خانی پاشاشی پێ دەگوترێ، نموونەی کاروانسەراکانی شاری موسلە، تەمەنی نزیکە سەد سال دەبیت. ئەو خانەهی (داود چەلەبی)یە کە دیلماجی جیگری کۆنسۆلی ئەلمانییە، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی بە ئاسانی ناتوانم سەردانی ژوورەکانی بکەم. خودی خانەکە دەکەویتە پشتەوەی رووی جادەی، بە قوولایی ئەو فرۆشگایانەی کە لە نهۆمی زەمینی بەرەو پیشەوە رۆنراون. تەنها بینای قەنتەرەکەی هاتۆتە سەر جادە تەنگەکە (وینە ٤٢ و ٤٣). لە هەر لاییکی دالانی دەروازەکە سێ فرۆشگا هەلکەوتووە. لە دەوری حەوشەکەشی (تەختە V)، کە چوارگۆشەییکی ناریك و نائەندازەییەو هەندیك لە گۆشەکانی لارن، دوو ریزە ژوور بوونەتە پەرژین و هەموو ژوورەکان دادەخرین و کراونەتە بویرۆی بازرگانەکان.



وێنە ٤٢خانی حاجی قاسماغا لە موسل نهۆمی زەمینی




وێنە ٤٣ نهۆمی سەرەوە

لـە گۆشـەکانی ژووری نـاریك و نائـەندازەیی بـێ پەنجـەرە هاتۆتـە ئـاراو، هیـچ گۆشـەیەکیان وەسـتاو نیـە، ئـەوەی کـە وەسـتاکانی رۆژهـەڵاتی زۆر مەرامیانـە. لـە لا تەنگەکەی حەوشـە، داڵانیکی تـەنگ دەچیتـەوە نـاو پشـتیری خانەکـە، کـە کەوتۆتـە لاچـەپیکی خانەکـە، هیـچ شـیوازیکی ئـەندازەیی تیـدا دەرناکـەوێ. سـتوون و بانـە چەماوەکانی کە لە کەلە بـەرد دروسـتکراون و داریـژراون و، لـە گـەورەیی و ئەسـتووری زۆر لیکتر جودان، بە جۆریك پشتیرەکە کە بە سێ کوڵانەی سەربان رۆشـناییکی بێهیز وەردەگرن، پتر لە ئەشکەوتیکی سروشتی دەچیت، وەك لە ژووریکی بیناکراو. لە نهۆمی سـەرەوەش ریـزە تـاقیك لـە هـەر چـواردەوری حەوشـە سـووراوەتەوەو ژوورەکـانی حەوانەوەی میوانانیش کەوتوونە پشت ئەو ریزە تاقە، بە هۆی دوو پەیژە لە رووەکانی حەوشـەوە دەچیتـە نـهۆمی سـەرەوە. لـە سـەرەوەی ژوورەکـانی پشـتیر دوو حەوشـۆکەی لاچەپ هـەن، کـە لـەو حەوشـانەوە رۆنـاکی لەسـەرەوە دیتـە نـاو پشـتیرەکە. ژوورە بچووکەکانی دەوری ئەو دوو حەوشـۆکەش بـە شـیوەیەکی گشـتی بـۆ عـەمباری کەچـەو پەچەو شتی ناپیویست بەکاردین. دیوار و بانـە چـەماوەکانی خانەکـە لـە پارچـە بـەرد دروسـتکراون و گـەچمالکراون. رووەکـان و دیـواری ژوورەکـانی هـەموو بـە گـەچ سـواق دراون و هیـچ جوانکارییکیـان تیـدا نـەکراوە. تەنـها دەروازە و قەنتـەرەو چوارچیـوەی دەرگاکانی حەوشەی بـە بـەردی مەرمـەری موسـڵاوی چیکـراون و بـە نـەقش و نیگـاری سەرنجکیش رازاونەتەوە. گومەزەکانی لـە ئاسـتی تاقـەکان کـڵاوەی داریژراویـان هەیـەو، تەنها ئاستی داڵانی دەروازە کە دیوارەکانی ستوونین، بە تونیلیکی گومـەزی گۆشـە تیـژ بانگیر کراون و بە دوو ریزە نەقشی ستاکلاتیتی رازاونەتەوە.

خانی (ئەلوەزیر) لە حەلـەب (وینـە ٤٤) لـە شـیوەیدا لـەو خانـە باسـکراوەی پیشـوو نزیکـە، بـەڵام لـەم قەبـەتر و سەرنجراکیشـترە، سـێ بـالی ئـازادەو بالیکیشـی بـە بینـا هاوسیکەی نووساوە. سێ بالی نزیکـە بـە شـیوەیەکی ئـەندازەیی بینـاکراوەو ژوورەکـانی گۆشـە وەسـتاون، بـەڵام بـالی چوارەمـی نائەندازەییـەوە ژوورەکـانی بـە گۆشـەی لار کەوتوونەتە سەریەکتر. خانی ئەلوەزیر وەکـو خانـەکانی تـر خـاوەنی ریـزە دوکـانی لای جادە نیە، وە دەروازەکەشی کە کەمیك لە بیناکە بەرزتر سازکراوە، بـۆ پیشـەوە بـەرەو

جاده نەهاتۆتـه دەرەوە. لـه نـاو دالأنـــی دەروازەوە کـه چــەند کونجیکـی تیادایــه، دوو پلیکانــەی بەرامبــەر دەچنــه نــهۆمی ســەرەوە. لــه بــالی بــاکووری رۆژئــاوا و بــالی باشوورییەوە دوو ریز ژوور لە پشتی یەکتر ریزکـراون، کـه لەوانـه دوو یـان سیّ ژووری ریـزی پشـتەوە لەگـەلّ ژووریکـی پیشـەوە کـه گـەورەیی دوو ژووریـان هەیـه، تیکـەل بـه یـەکتر کـراون و یەکەیـەکی تایبـەتیان دروسـتکردووە، رووی دەرەوەی بـالی بـاکووری لـه چەند شوینیك بە گۆشەیەکی وەستاو پەیژەیی بەرەو دەرەوە دەرپەریوە، بـه شـیوەیەك کە ژوورەکانی پشتەوە هەریەکیکیان چەند مـەتریك لـەوەی پیشـووی قوولـتر بـووە. لـه گۆشەی باکووری رۆژئاوایەوە تەنها ژووریك لەم بالەوە هەیە، بەلاّم لە ناوەراستەوە دوو ریــز ژووری یــەك لــه دوای یــەکتر هــەن و، لەگۆشــەی بــاکووری رۆژهەلاّتیــەوە، دوای دووەمـین بەشـی دەرپـەریو توانـراوە پشـتیریك دابمــەزرینریت، هەرچــەندە پشـتیری سەرەکی کەوتۆتە پشتەوەی ریزە ژوورەکەی بالی رۆژهەلاّت و بـه هـۆی دالأنیکـی سـادە، لە تەنیشت پلیکانەیەك کە دەچیتە نهۆمی سەرەوە، دەگەیتە نـاو ئـەو پشتیرە. لـه سیّ لای نـهۆمی سـەرەوە ریـزە تـاقیك تەماشـای حەوشـه دەکـات، کـه هـەموو تاجەکەوانـه (کەوانـەی ئـیرانیی) سـەرگیراون، لــه نیـوەی رۆژئاواییــەوە تاقــەکان خراونەتــه ســەر سـتوونی سـادە (تەختـه VI)، کـەچی لـه نیـوەی رۆژهـەلاّتی کەوتوونەتـه سـەر دینگـەی سفت و بە بارستە.




وینه ٤٤: خانی (ئەلوەزیر) لە حەلەب

کاروانسەراکانی تری شاری حەلەب بە هەمان نەخشە دامەزرینراون، شایانی باسە کە خانی حۆپە (تەختە VI) کە لە ناوەراستی بالی بەرامبەر دەروازە هەیوانیکی زلی هەیەو هەر دوو نهۆمی گرتۆتە خۆی، لەملاوئەولای ئەو هەیوانە دوو پەیژە دەچیتە نهۆمی سەرەوە، نزیکە هەموو خانەکانی حەلەب بەشە بیناییکیان هەبووە، کە بە داخەوە لە سەردەمی نوێ ویران بوون، یان بە بینای نوێ روویان داپۆشراوە. هەروەك لە خانی ئەلوەزیر دەیبینین هۆلی سەربیری ئاوەکەی نیوەی شاردراوەتەوەو، لە خانی گومرۆك مزگەوتەکەی. کاروانسەراکانی حەلەب خاوەنی دیکۆری جوان و رازاوە بوونە، وەك لە دەروازە مۆنۆمینتالەکەی خانی ئەلوەزیر و پەنجەرەیەکی خانی (سابوون) دەکەویتە بەرچاومان (تەختە X).

کاروانسەراکانی شاری قوستەنتین (ئەستەنبۆلی ئیستا. ع. د.) جۆریکی ترنین، سەبارەت بە بایەخی گرنگی ئەو شارە لە سەدەکانی پیشوو، ژمارەییکی زۆر کاروانسەرا لەم شارە دروستکراوە. لەو کاتانەی دوایی بە شیوەیەکی ورد (س. گورلیت) لە خانەکانی ئەو شارەی کۆلیوەتەوە (هونەری بیناکاری قوستەنتینیە). بۆیە لیرە بە کورتی و بەش بە پیویست باسیان لیوە دەکەین. زۆربەی کاروانسەراکان روویکی قادرمەییان هەیە بەرەو جادە، کە ئەوەش لەوەوە هاتووە کە لەسەر رووبەریکی گۆشە خوار و لە دەوری حەوشەییکی چوارگۆشەوە ژووری گۆشە وەستا بە یەکترەوە پیوەندکراون، کە بە گونجاوی لەگەلٚ جادەی لاری لە ئارادا بوو، رووی جادەی بیناکان بە شیوەی پلە پلە بۆ دەرەوە هەلکشاون و بەم شیوە روویکی قادرمەییان بەخۆوە گرتووە. ئەو دیاردە لە خانی (بیوك جەنی) و خانی (حەسەن پاشا) و هی تر دەبینین (وینە ٤٥). لە زۆربەی خانەکان پەنجەرەی گەورە گەورە لە رووی جادەیان کراوەتەوە، ئەو دەستوورە لە شارەکانی بەشی ئاسیای تورکیا هەرگیز ناکەویتە بەرچاو. بە هۆی ئەو پەنجەرانەوە کاروانسەراکان لە رووی جادەو روخساریکی شیوە خانووی ئاساییان بەخۆوە گرتووە. هەروەهاش ژمارەی نهۆمی کاروانسەراکانی قوستەنتینیە پترە لە هی شارەکانی سوریا و میزۆپۆتامیا. زۆربەیان جگە لە نهۆمی زەمینی دوو نهۆمی تریشیان لە سەرەوە هەیە، تەنانەت خانی (بیوك جەنی) سێ نهۆمی تری هەیە. زۆربەی

خانەکان رووبەریکی فراوانیان هەیەو بە هۆی ژمارەی زۆری حەوشەکان، بۆ نموونە لە کاروانسەرای (وەلیدە) کە سێ حەوشی هەیە، ژورەکان پتر سوودیان لێ وەردەگیریت. ئەگەریش خانەکان لە رووی جادەوە بە خانوبەرەی ئاسایی دەچن، بەلاّم لە رووی ناو حەوشەکانەوە بە تەواوی روخساری کاروانسەرای سەدەکانی ناوەراست پیشاندەدەن. دانیشتن و پشتیر و ژوورەکانی حەوانەوە دەکەونە نهۆمی زەمینیی، لە نهۆمەکانی سەرەوەش چواردەوری حەوشەکان تاقریژ کراوە و تاقەکانییش بە کەوانەی بازنەیی خراونەتە سەر دینگە یان ستوونی بەردین. ئەو گۆمەزەی کە بەرەو دەرەوەیە لە چاتی بە گەچ مالدراو دروستکراوە. سیمای زۆر تایبەتی کاروانسەراکانی قوستەنتینیە بریتییە لە بەشە بینای گۆشەکانی کە وەکو کەلوو بەرزکراونەتەوە. ئەو جۆرە کەلووە هیشتان لە خانی وەزیر و گۆشەکانی پشتەوەی خانی وەلیدە ماوە، کە بریتییە لە کەلوویکی چوارگۆشەیی زەبەلاحی ٢٥ م بەرز، کە دەگەریتەوە بۆ هونەری سەردەمی بیزەنتیی.




وینە ٤٥: کاروانسەرای حەسەن پاشا

لە قوستەنتینیە وەرگیراوە لە (C. Gurlitt Die Baukunst Konstantiopele berlin


(1919 E. Wasmuth Abb. 106

شیوازی کارەکتەری بینای کاروانسەراکان لە قوستەنتینیە بریتیە لە تەکنیکاری دیوارەکانی، کە هەمیشە دوای هەر دوو چین خشتی سوورەوەکراو، چینیك بەردی نەقارکراو بەکارهاتووە، بۆ نموونە رووی پیشەوەی خانی (خاسنەدەر) ئاوا داریژراوە. بەرزی نهۆمەکانیش زۆر بایەخی پێ دراوە، بۆ نموونە خانی وەلیدە بەرزی نهۆمەکانی ٦ مەترە، بەو جۆرە خانی وەلیدە بەو بەرزییەو بە دریژاییە گەورەکەی ٧٠,٧٥ م، دیمەنیکی سەرنجراکیشی بە بیناکە بەخشیوە.

ئەو کاروانسەرایانەی باسکراون نزیکە هەموویان دەگەرینەوە بۆ سەدەکانی ١٥-١٧. تەرزی بیناکاریان ئەگەریش سادەش بووبن، تا سەردەمی نوی هاتوون، لە شاری (ئیلگوین) لەسەر ریگای شەمەندەفەر بەرەو قونیە، خانیکی هاوچەرخی قەبە دەکەویتە بەرچاو[٣٠]. کە حەوشیکی دریژی هەیەو چەند دەچیتە قولایی تەسك دەبیتەوە، لە جیاتی ستوون و کەوانەو تاقی بەردین، لەم خانەدا هەردوو نهۆمی سەرەوە گەلەری ئازادی لە داری بۆ دروستکراوە. بەشی سەرەکی نهۆمی زەمینیش تەنها پشتیرە.

خانی حەجاجانی بەغداش کە دەکەویتە بەرامبەر خانووی حکومەت لە (کازمیە Kadhimen)، گۆشەکانی شیوە کەلوویین (وینە ٤٦). ئەوەشیان نهۆمی زەمینییەکی پیکهاتووە لە کۆمەلیك دوکان کە روویان کردۆتە جادەو مەیدانەکەی پیشەوەی، وە حەوشەکەشی بە تاق و پشتیر و ژوورەکانی پشتی، دەورەدراوە.

لە نهۆمی سەرەوەشی میوانخانەیەو لەناو تاقەکانی حەوشەوە پلیکانەی بۆ دەچیت، لە مەیدانی پیشەوەشی دەرگاییکی هەیە کە بە هۆی پەیژەیەك کە خراوەتە سەر کاریتەیەکی دارین، پیوەندکراوە. دوو نهۆمی نزمتریش کەوتوونەتە سەر گۆشەکانی، کە بە هۆی راگری لە دار دروستکراو هەندیك بۆ پیشەوە دەرپەرین و، رووی دەرەوە پەنجەرەیان بۆ کراوەتەوە. هەر یەك لەو نهۆمە کەلووییانەی گۆشەکان جگە لە پەیژەیەکی تەسك، چوار ژووریان هەیە.



**وینه ٤٦: خانی حەجاجان لە کازمیە- بەغدا**